
# لە نێوان جینۆسایدی کوردە فەیلیەکان و جینۆسایدی کوردە ئێزیدیەکان



ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

| جینۆسایدی کوردە فەیلیەکان | جینۆسایدی کوردە ئێزیدیەکان |
|---|---|
| دەست بەسەرداگرتنی هەموو موڵک و ماڵ و دیکۆمێنتە کەسییەکانیان، ڕەگەزنامەی عێراقی، ناسنامەی باری شارستانی، دەفتەری خزمەتی سەربازی، مۆڵەتی شۆفێری، ناسنامەی ژووری بازرگانی بۆ ئەوانەی بازرگان بوون، ناسنامەی یەکێتی پیشەسازی عێراقی بۆ ئەوانەی خاوەنی پیشەسازی بوون، دیکۆمێنتی خاوەنداریێتی، بڕوانامەی قوتابخانە... هتد | دەست بەسەرداگرتن و ڕفاندن و دەستگیر کردنی کچ و ژنی ئێزیدی و دەستدرێژی کردنە سەریان و مامەڵە پێکردن و کڕین و فرۆشتنیان. ئەمە جگە لە دەست بەسەراگرتنی شار و شوێن و گوند و ماڵ و موڵکیان. |
| لە بەر ئەوەی کورد بوون و زۆربەیان سەر بە مەزهەبی شیعە بوون و ئایدیولۆژیایان جیاواز بوو. | لە بەر ئەوەی کورد بوون و ئاینێکی جودا لە ئاینی ئیسلامیان هەبوو و خاوەن بیر و باوەڕ و ئایدیولۆژیایان جیاواز لە ئایدیولۆژیای ئەوان بوون. |
| مەبەست لێی لێسەندنەوەی ناسنامە و شۆناسی عێراقی بوونیان بوو. | مەبەست لێی سەپاندنی ئاینی ئیسلام بوو بە زەبری چەک و کوشتن و لە ناو بردن و سڕینەوەی ئاین و بیر و باوەڕی ئێزیدی و ئێزیدیایەتی یە. |
| ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەوڵەتی عێراق بوو، دەوڵەتێکی دیکتاتۆری پڕ چەک بوو. | ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوو، ڕێکخراوێکی تیرۆرستی پڕ چەک بوو. |
| دابەشکردنی سامان و سەرمایە و موڵکی کوردە فەیلیەکان وەک دەستکەوت بە سەر ڕموزەکانی بەعسدا. | دابەشکردن و پێشکەش کردنی کچ و ئافرەتی ئێزیدی وەک دەستکەوتی جەنگ بە سەر چەکدارانی تیرۆرستی داعشدا. |
| خێزانە فەیلییە دەرکراوەکان بە دووری چەندان کیلۆمەتر بە کۆچڕەو بە نێو بیابان و گەرما بە بێ نان و ئاو ڕێیان بڕیوە و بە منداڵ و ژن و پیرەوە ملیان دابووە بەر. | خێزانە هەڵاتووەکانی ئێزیدی سەدان کیلۆمەتر ڕێگایان بڕی بۆ گەیشتن بە چیای شنگال و دواتریش بۆ ناوچە ئارامەکانی کوردستان لە ڕێگای ڕۆژئاواوە – سوریا بۆ باشووری کوردستان. بە بێ ئاو و نان و خواردن و خۆراک و شتوومەک، ئەمە سەرەڕای بەرزی پلەی گەرما. |
| لەم کۆچڕەوەدا سەدان کەس بە هۆی برسێتی و تینوویەتی (بە تایبەتی ژن و منداڵ) گیانیان لە دەستدا و هەندێک لاشەکان خرایە ژێر تاشە بەردەوە و هەندێکیشیان ژێر گڵ کران هەر لە ڕێگای کۆچڕەویاندا. | بە سەدان کەس بە تایبەت منداڵ و ئافرەت لە چیای شنگال و ڕێگای ڕزگار بوونیان بۆ ناوچە ئارامەکان گیانیان لە دەستداوە، هەر لەوێ زۆربەیان لاشەکانیان بە جێ هێڵراون هەندێکیشیان خراونەتە ژێر تاشە بەردەکان و هەندێکیشیان لە ئەشکەوتەکان و ژمارەیەکی زۆر کەمیش ژێر خاک نراون چونکە هیچ شتێکیان نەبوو ڕوفاتەکانیان بشارنەوە. |
| ئەبوایە بەرەو وڵاتی ئێران بچن بە ناچاری و گەڕانەوەش بۆ سنووری عێراق بە پێی بروسکەی نهێنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارە (2884) لە 1980/4/10 دا کوشتنی لە سەر بووە وەک لە کۆتاییەکەیدا دەڵێن: (...جەخت لە سەر فەرمانەکەمان دەکەینەوە بە تەقە کردن لەوەی کە هەوڵی گەڕانەوە بۆ نێو خاکی عێراق دەدات، لەوانەی ڕاگوێزراون...) | تەقە کردن و کوشتنی هەر کەسێک کە کەوتبوایە دەست چەکدارانی داعش لەم کۆچڕەوەدا بە تایبەت پیاوەکانیان، دەستگیر کردنی هەر کەسێک چارەنووسیان یان کوشتن یان ڕفاندن بوو، کوردە ئێزیدیەکان بۆیان نەبوو بگەڕێنەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان، مانەوەش لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان کۆمەڵ کوشتن بوو، بۆ نموونە وەک هاوڵاتیانی گوندی کۆچۆ. |
| گرتن و زیندانی کردنی خێزانە کوردە فەیلیەکان بە ئافرەت و منداڵەوە. | گرتن و زیندانی کردنی هەزاران منداڵ و ئافرەت و کچی ئێزیدی و بێ ڕێزی کردن بەرامبەریان بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت. |
| گرتن و دەست بەسەرگرتنی پیاو و گەنجە کوردە فەیلیەکان، بە کۆمەڵ کوشتنیان لە لایەن دەوڵەتی عێراقی. | گرتن و دەست بە سەراگرتنی پیاو و گەنجە کوردە ئێزیدیەکان، بە کۆمەڵ کوشتنیان لە لایەن دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام (داعش). |

| | |
|---|---|
| هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزانی کوردە فەیلیەکان | تێکدان و شێواندن و هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزانە ئێزیدیەکان |